# بانکی پرسیار- بنەماکانی پەروەردە-قۆناغی یەکەم

1. نیشانەی ( √ ) یان ( × ) بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ
2. مرۆڤ بۆ خۆ-گونجاندن لەگەڵ ژینگەکەی، خاوەنی هیچ پرۆگرامێکی بایۆلۆژی نیە؟
3. سیسرۆن، بۆ یەکەمجار زاراوەی Educationی بۆ چاودێری ئاژەڵ بەکارهێنا؟
4. هەڵمژینی ڕەفتاری، شێوازێکی پەروەردەیی بەمەبەستە؟
5. زمان، گرێدراوی پەیوەندی و خۆشەویستی کۆمەڵایەتییە؟
6. ئاستی مەعریفەی ئایینی، گشتیە؟

7. ا- هەر یەکە لە چەمکی پەروەردە و فێرکردن بەراورد بکە

8. ب- پێویستی پەروەردە بۆ تاک لە چیدایە؟ بیانژمێرە.

9. فەلسەفەی پەروەردەی ئایدیالی(نموونەیی) چیە؟ باسی بکە و تایبەتمەندیەکانی بنووسە.

10. فەلسەفەی پەروەردەی ماتریالی(ماددی) چیە؟ باسی بکە و تایبەتمەندیەکانی بنووسە.

11. پێویستی پەروەردە بۆ کۆمەڵگا لە چیدایە؟ بیانژمێرە.

12. هەر یەکە لە چەمکی پەروەردە و پێداگۆگیا، بەراورد بکە.

13. دەستەواژەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە:
14. -تۆماری دەماری و فەرهەنگی مرۆڤ....... یە، کە یارمەتی دەدات بۆ ژیان و کۆمەڵبوون. [پەروەردە، مێشک، ئەقڵ، فێرکردن، خوێندن]
15. -پەروەردە، گەورەی لۆژیکە. ............ وتی. [ئیبێرت، ئەرستۆ، رۆبێرت ئیتیان، سپنسر، جۆن دێوی]
16. لە زمانە لاتینیەکاندا یەکەمجار Education بەکارهاتووە بۆ............. . [گەشەکردن، سروشت، ئاژەڵ، مرۆڤ، ڕووەک]
17. پەروەردەی ڕێکخراو، کردەیکی دوو لایەنەیە لە نێوان.................... . [منداڵ و باوک، منداڵ و دایک، منداڵ و باوان، منداڵ و مامۆستا، منداڵ و خێزان]
18. -هونەری فێرکردنی کرداری منداڵ، بریتیە لە ................... . [پێگەیاندن، پەروەردە، پێداگۆگ، ئاگۆگیا، پێداگۆگیا]
19. -لە .......... هاتووە "ئەگەر بەدەستێک لە منداڵ بدرێ بۆ فێرکردن، پێویستە بە هەردوو دەست یاری لەگەڵ بکرێ". [قورئان، ئینجیل، تەلموود، ڤیدا، تەورات]
20. -بۆ یەکەمجار لە نووسینەکانی................ جیاوازی تاکێتی بۆ پەروەردەی منداڵ باسکرا. [کوینتالیان، کاتۆ، تاو، بوزا، رۆسۆ]
21. -ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ یەکەمجار لە ساڵی........... ز، خولی پێداگۆگی بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان کردەوە. [١٩٦٨، ١٩٧٧، ١٩٨٧، ١٩٩٧، ١٩٨٨]
22. -قوتابخانەی ڕاهێنانی سەربازی لە ئیسپارتە بە ............. ناسرابوو. [ئاگۆگی، پالیسترا، سیداسکالیۆن، پورسبا، سیپار]
23. -پەروەردەی ئەسینا بە پەروەردەی............... یش ناودەبرێ. [دیموکراسی، دیکتاتۆری، دیماگۆجی، کۆمەڵی، ئازاد ]
24. 
25. ئێمە لە هەرێمی کوردستان چ پێویستکمان بە پەروەردە هەیە؟ بە خاڵ پێویستیەکان بخەڕوو

26. **نیشانەی ( √ ) یان ( × ) بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ:**
27. **- مرۆڤ تەنها گیانەوەرە کە خاوەنی هیچ پرۆگرامێکی بایۆلۆژی نیە بۆ خۆ-گونجاندن؟**
28. **-لە کلتوری گشتیدا، پەروەردە واتا چاودێری باوان بۆ منداڵ؟**
29. **-هێربێرت سپنسر وتی" پەروەردە ئامادەکردنی تاکە بۆ ژیان"؟**
30. **-پەروەردە، چالاکیە بۆ گواستنەوەی زانیارییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر؟**
31. **-پەروەردە پیشەسازییە. چونکە پێویستی بە وردی و نەرمی هەیە؟**
32. **-فەلسەفەی پەروەردەی ماتریالی، زیاتر گرنگی بە گەشەی ئەقڵی دەدات؟**
33. **-یاریکردن، کردارێکی پەروەردەیی بە مەبەستە؟**
34. **-لاسایکردنەوە، تایبەتمەندێکی پەروەردەیی بابلیەکان بوو؟**
35. **-کۆمەڵگا ئامانجی لە پەروەردەدا، ئامادەکردنی تاکەکانە بۆ هاوسەرگیری؟**
36. **-لە پەروەردەی براهمایی، کار لەسەر ئەقڵ، ئیرادە و جەستەی تاکەکان دەکرا؟**
37. **زمان بۆماوەیی نیە. بەڵکو پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەرە بەسەریەوە! چۆن؟ بە نموونە و بۆچوونی خۆت شیببکەوە**
38. **پەروەردە لە "کۆمەڵگا سەرەتاییەکان" چۆن بوو؟ باسی بکە.**
39. **مرۆڤ، چوار جۆر(سەرچاوە)ی سەرەکی مەعریفی هەن، کامانەن؟ بە خشتەیێک تەنها دوو جۆرییان ڕوون بکەوە**
40. **دەستەواژەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە**
41. **"منداڵ کاندیدە بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤ"، ئەمە وتەی.............ە [هێنری پیرۆن، ئۆلیڤەر ریبول، مارک ئیتارد، فیساگۆرس، فریدریکی دووەم]**
42. **کارل مارکس، بە ڕابەری فەلسەفەی پەروەردەی ............ دادەنرێ. [ئایدیالی، ماتریالی، بونیادی، مەعریفی، پراگماتی]**
43. **-پەروەردە لە بێشکە تا ناوگۆڕ بەردەوامی هەیە بۆ هەموو کەس. کەواتا پرۆسەیێکی هەمەکی......... یە. [ئەرکی، پێکهاتەیی، کاتی، کاریگەری، پێگەیاندنی]**
44. **-چۆنیەتی گواستنەوەی زانیاری و کارزانێکی دیاریکراو، بریتیە لە............ . [پەروەردە، فێربوون، پێداگۆگیا، فێرکردن، خوێندن]**
45. **-پەروەردە ژیانە، کردەی بەدەستهێنانی گونجاوی نێوان تاک و ژینگەیە، ......... وتی. [ئەفلاتوون، هیگڵ، بوزا، ئەنگلس، جۆن دێوی]**
46. **-لە........... وتراوە"ئەوەی سەرکەوتووبێ لە نووسین و خوێندنەوە، هاوشێوەی خۆر دەدرەوشێتەوە". [میسۆپۆتامیا، میسر، چین، یۆنان، هیند]**
47. **-لە زۆرینەی شارستانیەتەکان................ باڵادەست بوون بۆ پێگەیاندنی منداڵان. [فەرمانڕەوا، پیاوانی ئایینی، ڕاهێنەرانی سەربازی، فەیلەسووف، بازرگان]**
48. **-لە یۆنانی کۆن، ئەو کەسەی لەڕووی کردارییەوە بەرپرسبوو لە فێرکردنی منداڵ، پێیدەگوترا................ . [فەیلەسووف، ئاگۆگی، پێداگۆگ، مامۆستا، پایدیا]**
49. **-لەبەرئەوەی پەروەردە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، کەواتە.................. ە. [فەلسەفە، کارامەیی، پیشەسازی، زانست، خزمەتگوزاری]**
50. **-پەروەردە بەڕای............ بریتیە لە دارشتنەوەی دەروونی مرۆڤ لەسەر هەق، باشە و جوانی. [غەزالی، فارابی رۆسۆ، ئەرستۆ، سوکرات]**
51. **پەروەردەی بێ مەبەست چیە؟ بە وردی لەبارەیەوە بدوێ بکە**
52. **نیشانەی ( √ ) یان ( × ) بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ**

53.- جۆری مەعریفەی زانستی، ڕەخنەگرتنە؟
54.لاسایکردنەوە، شێوازێکی پەروەردەیی بێ مەبەستە؟
55.کانت وتی؛ مرۆڤ هیچ نیە جگە لەوەی پەروەردە پێیبەخشیووە؟
56.- پلین، بۆ یەکەمجار زاراوەی Educationی بۆ چاودێریکردنی ڕووەک بەکارهێنا؟
57.- پەروەردە زانستە. چونکە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە؟
58.-لە پەروەردەی بوزی، زۆر پێداگری لەسەر لایەنی عیرفانی و خەڵوەتکردن دەکرا؟
59.لە سەدەی بیست، زیاتر گرنگی بە بنەمای پەروەردەی بەرهەمهێن دەدرا؟
60.-عیبریەکان بۆ هەر ٢٥ منداڵێک، مامۆستایان دیاری دەکرد؟
61.-فێرکاری و کاراکردنی کردە ئەقڵیەکانی منداڵ، کردەیێکی پەروەردەیی مەبەستدارە؟
62.-لە پەروەردەی ڕۆمی، زۆر بایەخ بە هونەری وتاربێژی دەدرا؟
63.ئێمە دەتوانین کەسێک فێری شتێک بکەین بە پێدانی زانیاری، بەڵام ناتوانین بڵێین پەروەردەمان کردووە. چۆن؟ ئەمە شیبکەوە.
64.فەلسەفەی ماتریالی بۆ پەروەردە، چەند بنەمایێکی هەبوو؟ بیانوسە
65.پەروەردە لە مێژوودا "لای مەسیحیەکان" چۆن بوو؟ باسی بکە
66.ئەم خشتەیە لە دەفتەرەکەتدا بکێشەوە، بەدەستەواژەی گونجاو، تەواوی خانە بەتاڵەکانی پڕ بکەوە

| جۆرەکانی مەعریفە | سەرچاوەی مەعریفی | بەرنامەی مەعریفی | جۆری مەعریفی | سیفەتی خاوەن مەعریفی | ئاستی مەعریفی |
|---|---|---|---|---|---|
| ❊ | ❊ | خەیاڵ،ڕێکخستن | ❊ | سەرسوڕماو | ❊ |
| ❊ | فەیلەسوف | ❊ | ڕەخنە | ❊ | گشتی |
| ❊ | ❊ | باوەڕ، تەسلیمبوون | ❊ | باوەڕدار | ❊ |
| ❊ | ❊ | خوێندنەوە،ئەزموونکردن | ئەنجامی واقعی | ❊ | ❊ |

67.بە کورتی بەراوردی نێوان ئەمانەی خوارەوە بکە:
1 - پەروەردە و فێرکردن.
2 - پەروەردە و پێداگۆگیا.
68.نیشانەی ( √ ) یان ( × ) بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ
- پەروەردە، بەرهەمێکی مرۆییە.
69.-مرۆڤ بەهۆیی کراوەیی سیستەمی دەمارییەوە دەتوانرێ پەروەردە بکرێ.
70.-زاراوەی پەروەردە لە زمانی کوردیدا، واتا گەشەپێدان یا هەر پرۆسەیێک کە پێویستی بەچاودێری بەردەوام هەبێ.
71.-لە زمانە سلاڤیەکان Education واتا ئامادەکردنی منداڵ لەڕووی دەروونیەوە.
72.فەلسەفەی پەروەردەی ئایدیالی، دەڵێ؛ پەروەردە مافی هەمووانە.
73.-پەروەردە کارامەییە. چونکە دامەزراوەی گشتی و تایبەتی بەخۆی هەیە.
74.-پەروەردە کردەیێکی مرۆییە، واتا تایبەتە بە مرۆڤ و ئاژەڵ.

75.-عیبریەکان، لێدان لەمنداڵ ڕەتدەکەنەوە بەمەبەستی ڕاهێنان و فێرکاری.

76.-دیارترین ناوەندی پەروەردەیی لە هیند بۆ ڕاهێنانی منداڵان، پێیدەوترا؛ پالیسترا.

77.-فەلسەفەی پەروەردەیی، ئەرکی دیاریکردنی ئامانج و مەبەستەکانی وانەوتنەوەیە.

78.بۆچی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا منداڵ بە پیرۆز دادەنرا؟

79. پەیوەندی نێوان فێربوونی زمان و دایکایەتی چیە؟

80. پەیوەندی نێوان پەروەردە و فەلسەفە لەچیدایە؟